حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق
ئـەنـجـومـەنـی وەزیـران
وەزارەتـــی نـــاوخـــۆ
پـاریـزگـای هـەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەكان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مـجـلـس الـوزراء
وزارة الـداخـلـية
مـحافـظة أربيل
م . العقود العامة

ژمارە : ٤١٢ / ٢٧٢ كوردی / ١٠ / ١ / ٢٠٢٣ زاینی

## ئــــاگــــاداری

**ب/ كەم كردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٨٧ ) لەسەر بودجەی ١٥% ی شارەوانی بۆ جاری سێیەم**

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان / كەم كردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (نۆژەنكردنەوە و كرنكریت كردنی چەند شەقامێك لە گەڕەكی خانزاد بەرامبەر وەزارەتی كارەبا ) كە(سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو كۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێكی مۆركراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا كۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش كەش بە سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / كارگێری خۆجێیەتی بكرێ وە دوا كاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەكان كاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( سێ شەممە) رێكەوتی ٧ / ١١ / ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە كرێی بڵاو كردنەوەی ڕاگەیاندن دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە كەم كردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**مەرجەكانی وەرگرتنی تەندەر :**

- كۆمپانیای لە پلە ( ٢-٨ ) كەمتر نەبێت و نوێ كراوە بێت .
- ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ كراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ .
- ماوەی پڕۆژە ( ٦٠ ) ڕۆژی تقویمی .
- كاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری كردنەوەی تەندەرەكە.
- سزای دوا كەوتن (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بەڵیننامەی نووسراو بۆ دەستەبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان و بەڵێندەر بكرێت و لەگەڵ تەندەر پێشكەش بكرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەكەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای كات و ڕۆژی دیاریكراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی كۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن كۆمپانیا بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش كرینی تەندەر بە سەردانی كردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار كە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە كاتژمێر (٩) ی بەیانی تاكو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

پارێزگای هەولێر
دەرچوو
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان

**تێبینی :**

دوو ڕۆژ پێش كردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواكراوەكان لەكاتی پێشكەش كردن لەناو تەندەر دابنرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەكان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ كردن و كاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پێتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ كاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەكە .
- ✓ خولاو

فرهاد ١٠/١٩